هەرەم...کۆتایی هەفتەی داهاتو موچەی مانگی نیسانی مامۆستایانی گرەبەست دابەشدەکرێت

نوێنەرێکی گشتی مامۆستایانی گرەبەست ئەمە چوارشەممە ڕایگەیاند، کۆتایی هەفتەی داهاتو موچەی مانگی (نیسان/4)ی 2025 مامۆستایانی گرەبەست دابەشدەکرێت.

عەلی ڕئوف مستەفا یەکێك لە نوێنەرانی مامۆستایانی گرەبەست، لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا کە وێنەیەکی بە خەندان نەردراوە ڕایگەیاندوە، "هەفتەی داهاتو سێشەممە و چوارشەممە موچەی مامۆستایانی گرەبەست بە مانگی (نیسان/4)ی 2025 دابەشدەکرێت لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان".
دوێنێ سێشەممە، کارێخ عەبدوڵا یەکێکی دیکە لە نوێنەری مامۆستایانی گرەبەست ڕایگەیاندبو، پێیوێندیان کرد بەوەزارەتی دارایی لەسەر ماف و شایستەی مامۆستایانی گرەبەست، بە ئەوەی موچەی مامۆستایانی گرەبەست لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە دابەشبکرێت، بەڵام پێیان ڕاگەیاندین، "ناتوانن موچەی مامۆستایانی گرەبەست لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە دابەشبکەن، بەیە دەکەوێتە دوای موچەی وەزارەتەکان واتا ناوەڕاستی هەفتەی داهاتو".
ئەوەشیخستەڕو، "هەرچەندە نوسراوی فەرمی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران هەیە کە موچەی مامۆستایانی گرەبەست لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە دابەشبکرێت، بەڵام وەزارەتی دارایی پێیان ڕاگەیاندین بەهۆی زۆن

و خراپ کەکردنەوەی داهات نەمانتوانیوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین.

ژمارەی مامەستایانی گرەبەست 38 هەزارە موچەی مانگانەیان لەنێوان 400_500 هەزار دینارە، کە گشتی موچەی مانگایەیان 18 ملیار دینارە .